# تازەگەریی و خیانەت

نیهاد جامی

بەدوای چەندین ساڵ لەشەڕکردن و یەکترکوشتن و پیلاندانان لەدژی یەکتریی و ڕاوەدوونانی لایەنگرانی یەکتریی، هەردوو هێزە کوردیەکە یەکێتی و پارتی لەودۆخە نوێیە چوونەوە ناو هۆڵی پەرلەمان و بەیەکەوە جارێکیتر دەسەڵاتیان بەشکردەوە، پێشتر لەقۆناغی شەڕدا قسەکردن بەئاستێك چووە پێشەوە بەوەی ئەزمونی فیفتی فیفتیان قبووڵنیە بۆیە شەڕ دەبوو ڕوویدات، تا ئەو شەڕە بە پێویستیەك سەیر دەکرا، بەوەی ئەوە شەڕی نێوان خێڵ و بنەماڵەیە لەتەك تازەگەریی کوردیدا، هەڵبەت لەناو شەڕەکەشدا یەکێك  کە هاوکاریی لایەنە شەڕکەرەکانی کرد ڕووداوی 31 ی ئابی 1996 بوو، ئەو ڕووداوە لەناو دوو تەفسیریی جیاواز سەیر کرا بەوەی لەناو خیانەت و ڕزگارکردن تەماشا کرا، بەڵام دواجار کاتێك بەیەکەوە دەچنەوە ناو پەرلەمان پێویستمان بەوە دەبێت، لەدوو باسی گرنگ بێینە دوان یەکێکیان قسەکردنە لەوەی بەڕاست یەکێتیەکان شەڕی تازەگەریی و بنەماڵەیان هەبوو، چونکە بەدوای وەستانی شەڕ دەردەکەوێت یەکێتی هیچ گرفتێکی فیکریی لەتەك پارتی نیە، بەڵکو تەنها گرفتی دەسەڵاتی هەیە، بۆ ئەوەش قسە لەو تازەگەریە دەکەین کە تازەگەریی گوتاری سیاسی کوردیی لەچ ئاستێکدایە، ئایا ئێمە تازەگەریەکمان هەیە لەناو ئەو گوتارە؟ بۆ وەڵام بەو پرسیارە هەوڵ دەدەین لەڕوانگەی خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی بۆ ئەو گوتارەی ناو کایە و پێکهاتەکانی ناو یەکێتی بێینە دوان، دوای ئەوەش دێینە سەر تەوەرێکی تری ناو شەڕی کوردیی بەوەی 31ی ئاب ڕزگارکردنی پەرلەمان بوو لەدژی  دەسەڵاتی تاکڕەویی یەکێتیەکان یاخود خیانەتێك بوو پارتی پێی هەڵسا، چونکە ئەوە دوو دەستەواژەی ئامادەبووی ناو ئەو ڕووداوە بوون، ئەوەش بەمەبەستی تێکشکاندنی هەریەك لەو دوو تێگەیشتنە و دەرکەوتنی کاریگەریەکانی ئەو ڕووداوە بۆ داهاتوومان، بەوەی ئەو ڕووداوە هەڕەشە لە ئایندەمان دەکات.

## تازەگەری و قبوڵ نەکردنی ئەویتر

دۆزینەوەی بیانویەك بۆ ئەوەی لە هێزێکی سیاسی بدوێین کە بانگەشەی بۆ تازەگەری گوتاری سیاسی کردووە، هەموو دەیالۆگ و گفتوگۆیەك بۆ ستایشکردنی ئەو هێزە توانای ئەوەی نیە ئەو هێزە دەرگا بە ڕووی تازەگەریدا بکاتەوە، بەڵکو ئەوە ڕەخنەگرتنە لە تەواویی پێکهاتەی ئەو هێزە بەوەی تا چەند توانیویەتی تازەگەر بێت، تازەگەری ئەو هێزە لە چ سیاق و مانایەکدا بووە؟ لە کوێ ناتوانێ تازەگەر بێت؟

ئەو پرسیارانە دەکەینە دەسپێك بۆ ئەوەی بتوانین لە هێزێکی سیاسی وەك یەکێتی بێینە دوان، بەوەی ئەو هێزە چۆن هاتە ناو پانتایی سیاسیمانەوە؟ پێویستیەکانی چی بوون؟

بۆ ئەوەی ڕووبەری ئەو نووسینە دیار بێت، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەین گێڕانەوەی مێژووی دروست بوونی ئەو هێزە لەناو ئەو ووتارەدا بە هیچ شێوەیەك ڕووبەرێکی بۆ تەرخان نەکراوە، گێڕانەوە باسێکە لێرەدا تەنها وەك پەراوێزێك بۆ ئەو مێژووە سەیری دەکەین، بۆیە بوونی ئەو هێزە ساتەوەختی شکستی کوردە بەوەی پاشگەزبوونەوەی بەعسە لە هەر پەیمانێك کە بە(بارزانی)

دەدرێت، ئەوەش بۆ خۆی دەسپێکردنەوەی قۆناغێکی ترە، بە مانای هەڵگیرسانەوەی شۆڕش دەبوو سەرهەڵدانی گوتارێکی سیاسی جیاواز با، جیا لەوەی تا ئەوکاتە شۆڕشی کوردیی بە ڕێبەرایەتی بارزانی کاری پێکردبوو، چونکە ئەو گوتارە هەموو توانا و هێزێکی سیاسی و چەکداری لەوە کۆکردەوە گفتوگۆ بکات، بەڵام ئەو کاتەی گفتوگۆ شکست دێنێت، بە مانای شۆڕش دەبێت بە ئاقارێکی تردا بڕوات، کە هێزی خۆی لەناو مانەوە ڕابگەیەنێت، مانەوە لەناو ئەو دەلالەتە نا کەتەنها سەپاندنی هێزی شۆڕش بێت، بەڵکو مانەوە لەناو ئەو دەلالەتەی کە هەڵگیرسانەوەی شۆڕش توانای خۆ نوێکردنەوەی هەیە بە گوتارێکی تر بێت، گوتارێك کە لەناو یەکێتی لە هەردوو باڵی کۆمەڵە و شۆڕشگێران ویستی پێمان بڵێت: هەر بوونی دوو باڵ بۆ خۆی مانایەکی تر بە چەمکی شۆڕش دەدات، چ جای ئەوەی کۆمەڵە لە بەیاننامەی دامەزراندنی لەناو بانگەشەی شۆڕشێکی جیاواز خۆی ڕاگەیاند، ئەوە یەکەم بانگەشە بوو بۆ هێزێك کە قسە لە تازەگەری بکات لەوەی ئەوان گروپێکی خێڵەکی نین، بەڵکو هێزێکی چەپخوازن و هەڵگری بڕواکانی مارکسیزمن.

تازەگەری ئەو هێزە چەندە لە ئاستی بانگەشە کاریی و ئەدەبیاتەوە تازەگەریەك بوو پێویستی بە دەرکەوتنی سیماکان هەبوو، بە وەی تا چەند دەتوانێ ئەویتری خێڵەکی قبووڵ نەکاتەوە و بە میکانیزمەکانی ئەو جارێکی تر کار نەکات، ئەوەی بارزانی لە ڕێگەی بنەماڵەوە پەیوەندیەکەی ڕێکخست بۆ چالاکی حزبی، بە مانای ئەوەی خێڵ لەناو حزبی ڕێکخەردا (پارتی) کاری بۆ دەکرد تا هەرەس، تا چەند یەکێتی دەیتوانی بەگژ ئەو پێکهاتەیە بچێتەوە؟ چونکە تازەگەری پڕۆژەیەکی عەقلانیە و ئەوەی لە دەرەوەی عەقڵەوە بێت دەیکاتە دەرەوە و ئەویتری دەرکراویش لە پڕۆژەی تازەگەری ئەویترێکی قبووڵ نەکراوە، بەڵام ئاخۆ یەکێتی تاچەند توانی نوێنەرایەتی ئەو تازەگەریە بکات، بەوەی ئەویتری خێڵی قبووڵ نەبێت؟

تازەگەری کوردیی دەبوو لە دەرەوەی بانگەشە کاریەکانیەوە سیماکانی دەرکەوتبان کە بێشك ئەوە یەکێتی نەبوو دەیویست سیماکان بە ڕووی دەرکەون یا خەسڵەتە لەیەك چووەکان بشارێتەوە، بەڵکو ئەوە قۆناغەکە بوو دەیسەلماند کە ئەو تا چەند دەتوانێ تازەگەر بێت و سیما جیاوازەکانمان پێ نیشان بدات، لەگەڵ متمانە بە خۆکردنی ئەو هێزە تازەگەرە لە ڕووی چەکداریەوە کەچی خۆی خستە ناو یەکەم پڕۆژەی گومانکردن لە شوناسی خۆی بەوەی لە 1983 گفتوگۆی لەگەڵ بەعس ڕاگەیاند، ئەو گفتوگۆیە لە هەموو ئاستەکاندا تەنها بە شکستی یەکێتی کۆتایی هات چ لە ڕووی خۆ قەیمکردنەوەی بەعسەوە بۆ ئەو ناوچانەی کە لەژێر کۆنترۆڵی یەکێتی بوون تا دەگات بە شەهیدکردنی مامە ڕیشە، ئەگەرچی لە دەرەوەی مانای تازەگەریەوە ئەوە تەنها ئەو هێزە نەبوو بڕوای بە چارەسەرکردنی کێشەکە بوو لەڕێگەی گفتوگۆوە، بەڵکو دوا ئاکام کە سەرنەکەوت ئەو زەمینەیە بوو کە ئەو هێزەی هێنایە بوون، بۆیە یەکێتی لە کاتێك بانگەشەی بۆ تازەگەری دەکرد، نەدەبوایە بە هەمان میکانیزمی پارتی کار بکاتەوە، ئەو ڕەخنەیە جیاوازە لەو تێگەیشتنەی کەوا سەیری گفتوگۆ دەکات وەك شێوەیەك بێت لە خیانەت، چونکە گەر وابێت دەبێت هەر جۆرە گفتوگۆیەك بە هەمان پڕۆسەی ناولێنان

سەیر بکەینەوە، هەر لە گفتوگۆی کورد لە هەفتاکان تادەگات بە گفتوگۆی دوای کۆڕەوەکەی نەوەت و یەك.

لەو کاتەی تازەگەری گوتاری سیاسی کوردیی نەدەبوو بەو شێوەیە کار بکات، بەڵام لەپاڵ ئەوەشدا یەکێك لە سیما دەرکەوتەکانی ئەو تازەگەریە لەوێ دەرکەوت، کە گروپێك بە ناوی (ئاڵای شۆڕش) جیابوونەوەی خۆیان ڕاگەیاند، ئەو گروپە لەو چەمکە سیاسیەی ئێمە دەمانەوێت لێی بدوێین، خیانەتکردنی ئەو گروپە نەبوو لەو هێزە، بەڵکو یەکێتی دەیتوانی وەك یەکێك لە ئەدگار و خەسڵەتەکانی ناو تازەگەری سەیری بکات، کە وای نەکرد، بەڵکو بە شێوەیەکی تر ڕەفتاری لەتەکدا کردن، ئەوکارە بووە هۆی ئەوەی گومان لەو شوناسە بکرێت، کە ئەو هێزە دەیویست هەڵگری بێت، ئەو گومانە دەبوو بە قۆناغی تری سیاسی تێپەڕێت تاوەکو بە تەواویی ئەو شوناسە زەوتکراوە ئازاد بکرێت و ئەو هێزەش لە پانتاییەکی ترەوە سەیر بکرێت، بۆیە ڕووداوە تراژیدیەکانی ئەنفال و کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و چوونی ئەو هێزە بۆ ناو بەرەی کوردستانی هەر گوتارێك کە بانگەشەی بۆ دەکرا بە ناوی تازەگەریەوە هەموی سڕایەوە، چونکە تازەگەری کوردیی چووە ناو بەرەیەکەوە کە ئەو هێزانەی تیا بوو کە ئەو لە ساتەوەختی دامەزراندنی خۆی شۆڕشی لە دژی ئەوان ڕاگەیاند و بوونی خۆی بە دژە ئەو هێزانە ڕاگەیاند چونکە ئەویتری پێ هێزی خێڵەکی بوو کە ئەو دەیەوێت لە دژی خێڵ شۆڕش ڕابگەیەنێت، بۆیە چونی یەکێتی بۆ ناو بەرەی کوردستانی، ئاشت بونەوەی تازەگەری بوو لەگەڵ خێڵ، قەبوڵ کردنی ئەویتری خێڵەکی بوو، کوشتنی هەر جیاوازیەك بوو کە پێشتر بانگەشەی بۆ کردبوو، بۆیە ئەو ئینتیماکردنە بۆ بەرەی کوردستانی سەرەتای مێژوویەکی تر بوو بۆ گومانکردن لە شوناسی ئەو تازەگەریە، بە تایبەت لە قۆناغی هاتنی هێزەکان لە ڕاپەریندا بۆ ناو شار و ڕازیبوون بە ئەزمونی دابەشکردنی دەسەڵات لە پەرلەمان، چونکە ئەو کارە بووە مایەی ئەوەی کە یەکێتی سەلماندی ئەو جیاواز نیە لە پارتی، بەڵکو ئامادەیە لەگەڵیدا دەسەڵات بگرێت دەست، بۆیە بە دوای خاڵی لەیەکچوو دەگەڕا، بۆ ئەوەی لەیەك بچن نەك جیاوازبن، تەنانەت شەڕی ناوخۆ هەر درێژەی ئەو تێگەیشتنە بوو، نەك وەك یەکێتی بانگەشەی بۆ دەکرد کە ئەوە شەڕی تازەگەری و خێڵە، چونکە ئەو هێزە لەناو بەرەی کوردستانی ئاشت بوونەوەی خۆی ڕاگەیاند، بە هەمان میکانیزمەکانی پارتی کاری کردەوە، ئەوەش سەلماندنی ئەو حەقیقەتەیە کە تازەگەری ئەو هێزە هێندەی تاکتیك بوو بە هیچ شێوەیەك ستراتیژێکی سیاسی نەبووە، ئەو هێزە لەکاتی دروست بوونی ئومێدێکی زۆری بە یەکێتی شورەویی هەبوو، لەگەڵ ڕوخانی بلۆکی سۆسیالیستی ئەو ئومێدەی بەتەواویی کاڵبۆوە و کۆنگرەی بۆ ئەو کاڵبونەوەیە سازکرد و هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەی تیا ڕاگەیاند، چونکە تازەگەری بانگەشە بۆ کراو گەڕان بوو بە دوای ماناکانی دەسەڵاتەوە، تەنانەت ئەو تازەگەریە گرفتێکی لەوەشدا نیە کە تا ئەو ساتەوەختە ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی نیە ژن بێت و مەکتەبی سیاسی گەر ببێت بە مەجلیسی پیاو سالاریش کێشەیەکی لەگەڵنیە، وەك وایە.

بۆیە لەلایەك نەبوونی ژن ، وە نەبوونی کادیری گەنج لەناو مەکتەبی سیاسی دووخاڵی تری گومانکردنە لە تازەگەریی، ئەگەرچی ڕووداوە سیاسیەکانی ئەم دواییە ئەوەمان پێ دەڵێن کە ئەو حزبە لە هێزێکی تازەگەرەوە وەك بانگەشەی بۆ کرد بەرەو هێزێك هەنگاوی نا کە لەناو وەهمی تازەگەریدایە، چونکە تازەگەری ئەو هێزە لەو پانتاییە یۆتۆپیە نەهاتە ناو کایەی سیاسەت و ژیانی کۆمەڵایەتیمان، ئەگەرچی وەك پێشتر وتمان تازەگەری ئەویتری دژە تازەگەری قەبوڵ نەبێت، ئەوە بەهۆی وەهمی تازەگەریەوە تازەگەری کوردیی ڕێگا بە خۆی دەدات هێزە کۆنزەرڤاتیزم و دواکەوتوەکانیش قەبوڵ بکات، وەك دەبینین یەکێتی پێی وابوو 31 ی ئاب خیانەتێکی نیشتیمانیە و پارتی پێی هەڵساوە کەچی دواتر ئامادە بوو لەگەڵ خائینەکان بچێتە ناو هۆڵی پەرلەمان و سەرلەنوێ کورسیەکان بەش بکەنەوە.

ئەگەر ئەو بانگەشەکاریەی یەکێتی جگە لە فێڵێکی سیاسی گوزارشت لەهیچ شتێکی تر نەکات، با لەدەرەوەی ئەو تێگەیشتنەوە سەیری ئەو ڕووداوە بکەین ئایا بەڕاست 31ی ئاب ڕووداوێك بوو بەئاشتبوونەوەی ئەو دوو هێزە هەموو ئاسەوارەکانی سڕایەوە؟ ئایا ئەو ڕۆژە مێژوو زۆر بەئاسایی تێپەڕیی و پێویست ناکات قسەی لەبارەوە بکەین؟ ئایا 31ی ئاب ڕووداوێکی نێو ڕابردووە و پەیوەندیی نیە بە هەنووکەمانەوە؟ ئایا ئایندەی ئێمە بیێبەریە لەو ڕووداوە و هیچ مەترسشیەکمان ڕووبەڕو ناکاتەوە؟

31 ئاب، هەڕەشەکردن لەداهاتوو

ئەوکاتانەی خۆمان ڕووبەرووی کۆمەڵە پرسیارێکی لەو شێوەیە کردەوە مانای وایە هەموو ئەو تێگەیشتنە باوەی لەئارادایە دەیخەینە ناو گومانەوە، پرسیار لەڕێگەی گومانکردنەوە سەرلەنوێ دەیەوێت مانای تر بەو مێژووە ببەخشێت، کە دیارە بەهۆی دیدیی ئایدیۆلۆژیەوە ئەو ڕووداوە لەناو ماناکانی لایەنگیریی ئەندامانی ئەو دوو هێزە دەرنەچووە، کە بەشێك لە ئامادە نەبوونی پرۆسەی خوێندنەوە لەساتەوەختی ڕووداوەکە بۆ ئەوەدەگەڕێتەوە بەوەی نەوەکو بشکێینەوە بەسەر گوتارێکی ئایدیۆلۆژیی، کە ئەوەشیان گوزارشت لەبێمانایی ئێمە دەکات، چونکە ناکرێت لەبەرامبەر ڕووداوە سیاسیەکانی دەبن بە بەشێك لە مێژوودا تێڕوانینی خۆمان دەرنەبڕین، دیارە ئەوکاتانەی لەبەرامبەر ڕووداوێکی سیاسی وەك ئەوەی لە 31ی ئاب ڕوویدا بەوەی پارتی لە گەڕانەوەی بۆ هەولێر لە ڕێگەی نامەیەکی تایبەتیەوە داوای لە بەعس کرد کەهاوکاریی سەربازیی بکات، بەو شێوەیەش یەکێتی لەهەولێر ڕاونراو پارتیەکان ئەو ڕووداوەیان ناوبرد بەگەڕانەوەی شەرعیەت بۆ پایتەخت و پەرلەمان، لەبەرامبەر ئەوەدا یەکێتیەکان ڕووداوەکەیان بە خیانەتی پارتی ناوبرد، خیانەتێك کە ئەو هێزە دەستی لەگەڵ بەعسدا تێکەڵ کردووە، دیارە ئەو ئایدیایەی هەریەك لەو دوو هێزە بەڕێوە دەبات، لۆژیکێکە هەرنا بۆ ئەندامەکانیان جێگەی متمانە پێکردنە، ئەگەرچی بۆ یەکێتی زیاتر جێگەی کۆکردنەوەی بیروڕای زۆرینەیە وەك بینیمان کەبەشێکی حزبە سیاسیەکانی وەك(سۆسیالیست وزەحمەتکێشان و پارێزگاران)یش دوای چەمکی خیانەت کەوتن، کە بەقەولی تاڵەبانی ئەوە ڕووداوێکی نێو مێژوو بوو دەبوو هەر ڕوو بدات، بەڵام بەڕاست ئەو ڕووداوە گەڕانەوەی شەرعیەت بوو وەك پارتی ناوی برد؟ یاخود

خیانەتێکی نیشتیمانی بوو وەك یەکێتی باسی لێوە دەکرد؟ ئایا پارتی گوناهبار بوو یەکێتیەکان بێگوناه؟
ئەوکاتانەی دەکەوینە بەردەم پرسیاری لەو چەشنە دەبێت لەدەرەوەی ئەو لۆژیکە حزبیەوە سەیری ئەو ڕووداوە بکەین، دیارە دەستەواژەی گەڕانەوەی شەرعیەت دەستەواژەیەکی بێمانایە بۆ داکۆکی کردن لەهەڵەی سیاسی ئەو هێزە، چونکە شەرعیەت لەگەڵ کێ؟ ڕاونانی هێزێکی کوردیی و هاوپەیمانێتی لەگەڵ بەعس؟ بەڵام لەبەرامبەر ئەوەدا ئەوەندە بەس نیە ڕووداوەکە بە خیانەت ناو بەرین، چونکە گەر پێمان وابێت ئەو ڕووداوە بەتەنها خیانەت کردنی هێزێك بوو لەهێزێکی تر دەبێت ئەوەمان بیر نەچێت کە ئاکاری شەڕ توانای سەپاندنی هەرجۆرە هاوپەیمانیەتیەکی هەیە، بەڵام با ئەو سەرنجە پەلەی لێ نەکرێت و بەوە لێك نەدرێتەوە کە داکۆکی لەو ڕووداوە دەکەین،پێویستە لەدەرەوەی تێگەیشتنی داکۆکی کردن و بەدوژمنکردنی ئەویتر سەیری ڕووداوەکە بکەین، ئەوکاتەش دەبێت ڕووداوەکە پۆلین نەکەینە سەر گوناهبار و بێتاوان، چونکە ئەوە لۆژیکیی ئایدیۆلۆژیە ڕووداوەکەی وا تەفسیر کرد، نەخێر هەردوو لایەن لە ڕووداوەکە بێگونها نەبوون پارتیی چەندە گوناهبارە بەوەی ڕاستەوخۆ بەڕووداوەکە هەڵساوە یەکێتی ناڕاستەوخۆ گوناهبارە و بەشدارە لەو هەڵەیە چ لەڕووی تاکتیکی سیاسی یاخود کورتکردنەوی ئەو ڕووداوە لەناو چەمکی خیانەت چونکە بەخیانەت ناوبردنی 31 ئاب ناوبردنێك بوو ڕێگەی لە خوێندنەوە و تەفسیریی جیاواز بۆ ڕووداوەکە گرت، دیارە لەو نێوەندە ژمارەیەکی زۆر لە ڕوناکبیران ڕووداوەکەیان بە خیانەت تەفسیر کرد بەوەش دەرگایان لەهەر جۆرە تێگەیشتنێکی جیاواز داخست، کە ئێمە مەبەستمانە ڕووداوەکە لەناو چەمك و دەلالەتی خیانەت بکەینە دەرەوە، و لەسیاقێکی گشتی ڕووداوێکی سیاسی تەماشای بکەین، چونکە ئەو ڕووداوە گۆڕینی بەها و ئاکار بوو خیانەت کردن نەبوو لەگوتاری سیاسی بەڵکو دووفاقیەتی پارتی دەرخست لەوەی لەناو بەهای خێڵەکیدا هەڵگری بەهای ژیاریی بوو.
پارتی ئەو هێزە بوو کە بارزانی خێڵی تیا ڕێکخستبوو بۆ مۆدیی حزب، بەمانای بنەماڵەی گۆڕیوەتە ناو حزب، ئەو یادەوەریی دامەزراندنەش کاریگەریەکی دیاری لەسەر ڕووداوەکە هەبوو چونکە دەرکردنی پارتی لەهەولێر بریندار کردن و ئەتك کردنی شەرەفی خێڵ بوو،**"لێرەدا کە زۆر لەسەر ئەو چەمکە ناوەستین هۆیەکەی ئەوەیە پێشتر لەکتێبی( خودی کوردیی لە نێوان کەسێتی دووفاقی و تراژیدیای ئەنفالدا) بەدرێژیی لەسەر ئەو بابەتە وەستاوین".**
ئەوکاتانەی خێڵ لەشوێنی دەسەڵاتی دەکرێتە دەرەوە ئەوا ئامادەی هیچ گفتوگۆ کردنێکی نابێت تەنها دەبێت وەك ئەوەی هێرشی کراوەتە سەر تۆڵەی خۆی بکاتەوە، تۆڵە کردنەوە لەڕێگەی گەڕانەوە بۆ شەرەفی ئەتکراو، بۆ پارتی هەولێر سیمبولی شەرەف بوو بۆیە دەبوو بگەڕێتەوە جا بەهەر نرخێك بێت، ئەو گەڕانەوەیە چەندە کڕینەوەی ئابڕووی تکاو بوو سەد هێندەش دووفاقیەتی ئەو هێزەی دەرخست، چونکە پارتی کەلەناو بەهای خێڵەکی بوو دەبوایە بەدژی بەهاکەی خۆی نەوەستابایەوە، بەڵام هاوپەیمانێتی کردن لەگەڵ بەعس شوناسی هێزێکی دووفاقی پێبەخشی، کەئەوە بووە مایەی ئەوەی بەها و ئاکاری نوێتر بێنێتە بوون، بەوەی

سەرلەنوی چەمکی دوژمن پێناسە بکەینەوە، لەگەڵ ئەو ڕووداوە پارتی پێی وتین چیدیی ئەوە بەعس نیە دوژمنی ئەو هێزە بەڵکو دوژمنی سەرەکی ئەو یەکێتیە، دیارە ئەو هێزە پێشتر بەر لە هاوپەیمانێتی کردن لەگەڵ بەعس هاوپەیمانێتی لەگەڵ بزووتنەوەی ئیسلامی کرد، ئەو هاوپەیمانێتیە بووە هۆی ئەوەی لەداهاتوودا ئیسلامیەکان بتوانن خۆیان ڕێك بخەنەوە و لەدژی پارتی کار بکەنەوە، بەڵام بەدوای کۆتایی هاتنی گرژیی و شەڕی نێوان ئەو دووهێزە (یەکێتی و پارتی) چیدیی پارتیەکان بەلای یەکێتیەکانەوە خیانەتکار نین و چیتر یەکێتیەکانیش بەلای پارتیەکانەوە بەعس و ئیسلامیەکان لەوان باشتر نین، بەبەڵگەی ئەوەی جارێکی تر بەیەکەوە پەرلەمان بەڕێوە دەبەن، بۆیە هەموو ئەو دەستەواژە سیاسیانە جگە لەڕقی ئایدیۆلۆژیی شتێکی تر دەرنەچوون، بەڵام دەبێت ئەوەی لەو ڕووداوە بەهەند وەری بگرین ئەوەیە، کە31ی ئاب بەتەنیا ڕووداوێك نەبوە بۆ ئەوەی بە هێزێك بووترێت خیانەتکار، بەڵکو ڕووداوێك بوو بەلای یەکێتیەوە گرنگ بوو ڕوویدات بۆئەوەی چیتر هەر بە یەکێتی نەوترێت جاش، وەلەلایەکی تر ڕووداوێك بوو لەساتەوەختی ڕوودانی هیچ ستراتیژێکی سیاسی بەهەند وەرنەگرت جگە لەگەڕانەوەی خێرایی پارتیەکان بۆ هەولێر، بەڵام دوای ڕووداوەکە دەبینین ئەو هێزە بەدژی بنەما ئاکاریەکانی خۆی ڕەفتاری کردووە، ئەوە سەرەڕای ئەوەی دەشێ ئەو ڕووداوە بەمۆد و ستایلی جیاواز خۆی دووبارە بکاتەوە، چونکە ئەو ڕووداوە لەناو یادەوەریی سیاسیماندا نەیتوانیوە خۆی دەرباز بکات لە هەڕەشەکانی سەر زەمەنی ئایندەمان، بەوەی ئاکارەکانی ئەو ڕووداوە هەڕەشە لە زەمەنی داهاتوومان نەکات.

### پرسیار لە چەمك

یەکێك لەوپرسیارانەی ئەو دۆخە لەگەڵ خۆی دەیهێنێتە پێشەوە پرسیاری بێمتمانەیی ئەو دوو هێزە نیە بەوەی ئەوان متمانە دەدۆڕێنن، چونکە شەڕی ناوخۆ بۆخۆی دۆڕاندنی کۆمەڵێك چەمك بوو چ لەداوەتکردنی دراوسێ دوژمنەکانمان بۆ سەر وڵات چ لە ڕووی ئەو میدیایەی بووە زمانی فەرهەنگی ئەو دوو دەسەڵاتە، بۆیە ئەوەی لەچوونیان بەیەکەوە بۆ ناو هۆڵی پەرلەمان دەبێت بەپرسیار، ئەوە پرسیارە لە هەریەك لەهەردوو چەمکی تازەگەریی کوردیی و خیانەتی ئاب، بەوەی تازەگەر کێیە چونکە دەرکەوت یەکێتیەکان هێزێکن نوقمن لەناو وەهمی تازەگەریی، ئەو لەهەناوی خۆیدا هەڵگری بنەما ئەخلاقیەکانی دەسەڵاتی خێڵە، وەك چۆن ئەوەندە بەسنیە پرسیاری ئەوە لە  پارتی بکرێت "کێ خیانەتکارە؟" چونکە دواجار خیانەت بەتەنیا پەیوەست نەبوو بە ڕووداوێك و هاوپەیمانیەتیی کردن چونکە خیانەت پڕۆژەیەکە لەهەناوی گوتاریی سیاسیماندا بوونی هەیە پڕۆژەیەکە لەشاخەوە دەست پێدەکات و 31ی ئابیش بەهێزکردنی بنەماکانی ئەو گوتارەیە، بۆیە پێویستمان بەخوێندنەوەیەکی تیۆرییووردتر دەبێت بۆئەوەی لەڕێگەی ڕابردووی ئەو گوتارە سیاسیەوە سەیری خیانەت بکەین کە چۆن ئەو گوتارە لەناو شارەگەکانی حزبی کوردیەوە گەشەی بەخۆی داوە ئەوش دەبێت لەڕێگەی خوێندنەوەی ئەو یاداشت وچیرۆکە تۆمارکراوانەی ناوشۆڕش و تا دەگات بە مێژوویەکی نوێی شەڕی ناو شار،

کەدواتریان چاوپۆشی کردن لەسەر بابەتە ستراتیژیەکانی نەتەوە خاڵی نیە لەخیانەت بەڵکو مەسەلەگەلێکی وەك کەرکوك بەفۆڕم و ستایلی تر لەناو خیانەت خۆی حەشارداوە.